# ئەنفال لە نێوان (عومەری خەتاب وسەدام )دا

تەها ئەمین هەڵەدنی

ئەنفال بە هێرشبردنی لەناکو ووتراوە، بەتایبەت لەناو عەرەبەکاندا باو بوە کە هەمیشە خێڵە بەهێزە کان خێڵەلاوازەکانیان چەوسانۆتەوەو لەسەر بەرهەموو ژیانی تیرە لاوازەکان ژیاون. ئەم ڕەوشە کلتووری عەرەب بوە لە پێش ئیسلامیشدا.ئەنفال تەنها ڕوتاندنەوەی ماڵات نەبوە،بەڵکوو کە پالاماردەران پەلاماریان داوەو هەمیشە پیاوەکانیان کوشتوە،تەنها کچ وژنی گەنجیان لەگەڵ خۆیان بردوە بە کۆیلە بۆ خۆیان یا فرۆشتویانن. ئەوش سروشتی ژیانی بیابانی کەم دەرامەت بوە. برسێتی لە ئەنجامی کەم بەرهەمی ناوچەکە ئەویش لەبەر کەمی ئاو و باران،وای کردوە کە ڕاوڕووت ببێتە دابوو دەستورێکێ بیابان.
بۆیە دیسان سروشتیانە عەرەبەکان **4** مانگیان هەبوە کە ڕاوڕووتی تێدا نەکەن،بەو مانگانەش گوتراوە مانگەتابوەکان (حەرام، ڕەجەب، زیعەدە، زیحجە،محرم).واتا: نابێ لەناو ئەو چوار مانگەدا ڕاوڕووت بکرێت.  ئەمە پێش ئیسلامیش باوبوە.

کە ئیسلام هات، نەک هەر ئەودابە دڕندانەی نەگۆڕی بەڵکوو ڕاوڕووتیشی یاسایی کرد لە**4**مانگەکەی کە دەستووری بیابان کەنەدەبوو ئەنفال تێدا بکرێت.  دەقی سورەی مانگا**217** ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە ئیسلام نەک ڕیفۆڕمی نەهێنا بەڵکوو قۆناغێکیکە مرۆڤی بەرەو دواوەی پریمەتیڤی برا

**،( يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ اللّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ وَلاَ يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىَ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُواْ وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَـئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ).**

ناوەرۆکی ئەم ئایەتە ئەڵێ: لێت ئەپرسن کە ئایا شەڕکردن، لە مانگەکانی تابوودا(حرام) ڕەوایە(بۆتاڵانی)، بڵێ بەڵێ ناڕەوایە،بەڵام ڕێگرتنی خەڵک لە مزگەوتی تابوو(حەرام) و دەرکردنیان لەماڵی وحاڵی خۆیان،لای خوا گوناهی گەورەترە.
دەتوانین بەم ڕوداوە بڵێین یەکەمین ئەنفالی ئیسلامەکان  کە بە ( سریە ئەلنەخلە بەناوبانگە). هەروەها هەر ئەم ڕوداوەش دەبێتە بەڵگە کە ئیسلامیش شتێکیوای لە دەستووری بیابان نەگۆڕی کە بۆنی ڕیفۆڕمی لێبێ، بەڵکو بەرەو خراپتری برد. چونکە پێشتر**4** مانگ ئەنفال تابوو، ئیسلام دەستووری ئەو **4** مانگەشی گۆڕی،ئیتر هەژاران لە هەر **12** مانگەی ساڵدا مەترسی لەناوچونیان خرایە دابوو نۆرمەکانی کە هەبوون.

ئەوەی ڕاستی بێ ئیسلامەکان نەیان زانی کە پەلامارەکەیان ڕێکەوتی ڕۆژە تابوەکان دەکا. ئەوان وایان زانی کە ڕۆژانی مانگە تابوەکان بەسەرچوە.
مقۆمقۆی زۆریش دروست بوو،تەنانەت مستەفا حسێن تەباتەبایی دوای**1400** پۆزش بۆ ئەنفالەکەی محەمەد دەهێنێتەوەو ئەڵێ:ئەوان بۆ تاڵانی نەچوون،بەڵکوو کاروانەبازرگانیەکە پەلاماری ئیسلامەیەکانیان داوە،(خیانەت در گزارش تاریخ،مستەفا حسینی تەباتەبایی.

ئەگینا تاڵانی(ئەنفال) گرنگ نەبوو ،چ لای ئیسلامەکان چ لە دەستووری بیاباندا.
سەرجەم دابوو نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ڕەگوو ڕیشەیی مێژووی خۆیان هەیە، هیچ شتێک لەپڕ ناکرێ بە دابوو نەریتی کۆمەڵ. هەر بۆ نمونە تورکەکان ویستیان کە نەورۆز لەکورد داگیر بکەن،  ویستیان بیکەن بە ملّکی تورک،خودی تانسۆچیللەر چەند جارێک بازیدا بەسەر ئاگردا، بەو هیوایەی کە تورکەکان لاسایی بکانەوە، بەڵام نەکرا. عەرەبەناسیۆنالیستەکانیش بە هەمان شێوە هەوڵی زۆریاندا، بەڵام چونکە ڕیشەی مێژووی نەبوو بۆیان نەچوە سەر. بۆیە ئەنفال و تاڵانی پیشەی بیابان بوەو هەڵبژاردەی سروشتی بیابانە.

محەمەد کوڕی عەبدوڵای قورەیشی لە 570زاینی لەدایک بوو. لەتەمەنی 40 ساڵیدا لە ئەنجامی گەشتی بازرگانی بۆ شام ودیتینی جیهانێکی کەی زۆرپێشکەوتووتر لەچاو جیهانی عەرەبی دواکەوتوو،بوەخاوەن بیرێکی نوێ، بۆ نەتەوەی عەرەب. محەمەد پاش تێگەشتنی لە بیرێک کە مرۆڤ خۆی بت دروست دەکا،چۆن دەبێ بت ببێ بەخوا، بیرێکی نوێی لا پەیدا بوو.
محەمەد داهێنەری تەنیا خوایی نەبوو،چونکە جولەکەو مەسیحی لە نیمچەدوورگەی عەرەبیدا هەبوون. کە باوەڕیان بەتەنیا خوای هێنابوو.

حەمە لە تەمەنی40 ساڵیداووتی: کە بوە بە پێغەمبەرو خوا ئەوی ڕایسپاردوە کە ڕێنومایی گەلانی جیهان بکا.
حەمە لە ئەنجامی سوانی بیری بت پەرستی، جەوروستەم و ڕوتاندنەوەی تیرە دەسەڵاتدارەکان بۆ سەر تیرە لاوازەکان، بۆی لوا، کە ناوەندێکی دەسەڵات بۆ خۆی دروست بکا، ئەو ناوەندەشی ناونا ئیسلام.

هەموو عەرەب کۆیلەی ئیمپراتپریەتی ساسانی بوون، ساسان لە پەلوو پۆ کەوتبوو. سروشتی ژیان وایە دروست دەبێ پاشان لاواز دەبێو دەکەوێ. سەردەمێک ئیمپراتۆریەتی گرێکی زۆربەی وولاتانی ئاسایاو ئەورپاشی هەڵلووشی بوو، بەڵام ئێستا لەگەڵ تورکی کۆچەری تازەهاتوو کێشەی قیبرسی بۆ چارەسەر ناکرێت. دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی میدیا تا باکوری ئەفریکاو سودانو سۆمالیش گەشتبوو، بەڵام ئێستا گیرمان خواردوەبەدەست کۆیلەکانی دوێنێی خۆمانەوە کە عەرەبەکانە.
حەمەی ئامە لە 40ساڵیەوە تا23ساڵ، هەرووتەیەکی واتاداری گوێ لێبوایە لە شاعیران،نووسەران، چیرۆک بێژانی گوێ ئاگردان، کۆیکردنەوەو پاشان ووتی کەخوا بۆی ناردوە.

بۆ نمونە چاو لەجێگەی چاو،گیان لەجێگای گیانی مائیدەی44 یەکێکە لە بەندەکانی حامورابی، حامورابی18 سەدە پێش ئیسلام و قورائان ژیاوە. هێشتا بەندەکانی حامورانی کەلە قوڕی سورەوەکراوە دروست کراوە لە مۆزەخانەی لۆڤەری پاریس پارێزراوە.

دەقی سورەی ئیبراهیمی9 لەدەقە سۆمەرکاندا هاتوە،کە تەورات وئینجلیش گازەندە دەکەن کە خوا بۆی ناردون.
هەروەها عەبەسی17،(زیلزالی1،2)قەمەری 1 شیعری شاعیری گەرەی عەرەب ئیمرەئول قەیسن.
زۆرێک لە داڕێژراوەکانی قورئان ووتەی خودی عومەری کوڕی خەتابە، سەیوتی لە ئیتیفاقدا ئەڵێ:قورئان بە زمان و بیری هاوڕێیانی محەمەد هاتۆتە خوارە. موجاهید ئەڵێ:عمر یری الری فیترل بە القران،واتە: عومەر شتێکی دەووت،پاشان ئایتێکی گونجاو لە قسەکەی عومەر دەهاتە خوارەوە.

محەمەد لەماوەی 23 ساڵی ڕابەری عوروبەدا فریاکەوت جولەکەکان لەناوبەریێت. دەستبگرێت بەسەر سامان مەڕوماڵاتی ئەواندا، هەروەها پیاوەکانیان بکوژی و ژنو کچی گەنجیان ببەن بەتاڵان، تەنانەت چەند ژنێکی جوانیانی کردە ژنی خۆی.
پاشان هەوڵیدا کە بەسەرکردایەتی ئوسامە کوڕی زەید پەلاماری شامبدا. بەڵام محەمەد ئەوکاتە ژەهرخواردوکرابوو بەدەستی یەکێک لە ژنەکانی خۆی. کە پێشتر ژنی سەرەک خێڵی خێڵێکی جوللەکەبوو. ئەو ژنە بەدیل گیرابوو محەمەد وەک کۆیلەژنی خۆی ڕایگرتبوو. محەمەد بەهۆی دەرمانخواردنەکەیەوە تەندروستی زۆرخراپ بوو، ئەوەبوو لە ئەنجامدا، دەرمان خواردنەکەی کوشتی. بۆیە کە ئوسامە بیستی محەمەد لەسەرەمەرگدایە گەڕایەوەو پەلاماری شامی نەدا. واتە: لەسەدەمی دەسەڵاتداری ئەودا عەرەباندن و ئیسلامندن لەسنووری نیمچە دورگەی عەرەبی نەترازا،چونکە ئەو لە 593زاینیدا مرد.

پاش مەرگی محەمەد ئەبوبەکر لەساڵی 632تا634 کەخەزووری محەمەد بوو بە جێگر. لەسەردەمی فەرمانڕەوای ئەمدا دەوم ئەنفالی دەرەوەی نیمچە دوورگەی عەرەبی دەستی پێکرد. ئەوەبوو شام سوریا و فەلستین،لوبنان ئوردون و باشووری عێراقی بەر ئەنفال کەوتن وداگیر کران. بەڵام ئەبووبەکر پاش فەرمانڕەوای دووساڵ و چەند مانگێک مرد.

پاش مەرگی بەکر،عومەری کوڕی خەتاب بوو بە جێگر. ئەو لە ساڵی644تا 656 فەرمان ڕەوایی کرد. عومەرلەساڵی 656 کوژرا.
گەلی کورد نزیکەی 1200سەر بە دینی زەردەشتی بوو. هەتا چەند مانگێک پاش مردنی ئەبوبەکری کوڕی سدیق،هیچ هەڕەشەیەک دژی باوەڕی زەردەشتی نەبوو. بەهاتنە سەر دەسەڵاتی عومەری کوڕی خەتاب وردە وردە ئاینی زەردەشت کەوتە

بەرمەترسیدارترین هەرەشە. ئەویش بە زەبری تێڵاو شمشێر عروبەو کە سەپێندرا بەسەر کوردو گەلانی ئێرانیدا. کارێکی ئاسان نەبوو بۆ عەرەب کە دینی عەرەبی بسەپێنێ بەسەرکورددا چونکە کورد **1200** لەسەر دینی زەدەشت بوون.
بۆیە عومەری کوڕی خەتاب دوەم خەلیفەی عەرەبەکان بە سەلمەی قەیس ئەشجەعی ووت: ناوی خودا بهێنەو بکەوە ڕێ و لە پێناو خودا لە گەڵ کافراندا بجەنگە.

هەرکات تووشی کافرەکان هاتی سێ ڕێگەیان لەبەردەستدا دانێ.
**1** ئەگەر ئیسلامیان پەژراند، با لە جێگەی خۆیاندا بمێننەوە، بەڵام دەبێ سەرانە بدەن.ئەگەر نەهاتنە سەردینی، ئەوا دیسان دەبێ سەرانە بدەن.
**2**ئەگەر هاتەنە سەر دینی ئیسلام و لەگەڵتاندا نەهاتن بۆ تاڵانی(ئەنفال)، ئەوا هیچیان لە تاڵانی بەرناکەوێ، بەڵام ئەگەر لەگەڵتاندا هاتن ئەو کات دەبێ تاڵانیەکان لەگەڵدابەش بکەن.
**3**ئەگەر ملیان بۆ هیچکام لەداواکانتان نەدا ئەوکات بەفەرمانی خواو پێغەمبەریان ئەنفالیان بەکەن، دیستان عومەر ووتی: ئەگەر خۆیان لەقەڵاکاندا قایمکردو پاشان داوای پەنای خواو پێغمبەریشیان کرد.پەنای خواو پێغەمبەریان مەدەنێ ئەنفالیان بکەن.
سەلمە گووتی:کەوتینە ڕێ تا تووشی بێباوەڕەکان بووینەوە(کوردەکان) داوکانی میری عەرەبمان بۆ بەیان کردن. داوای ئیسلام(واتە:سەردانەواندن) بونمان لێکردن، نەیان کرد. پاشان داوای سەرانەمان لێکردن ئەوەشیان نەکرد. بۆیە شەڕمان لەگەڵدا کردن و بە پشت بەستن بەسورەی ئەنفال(ئەنفال ناوی هەشتەم سورەی قورئانە، کە بریتیە لە**75** ئایەتی مەدینی،واتا لە مەدینە داڕێژراون.
ئەم ئایەتانە پاشقڕانی سێ تیرە گەورەکەی جوولەکەکانی مەدینە داڕێژراون کەبەنی قەینوقاع،بەنی نەسسیر، بەنی قورەیزە بوون.

واتا: ئایەکانی سەردەمی دەسەلاتە،چونکە بەرگریکاریەکان کۆتاییان هات. پاش قڕانی جولەکەکان ئیتر ئایەکان ڕیتمی خۆشەویستی تێدا نامێنێ. لەوەو پاش قورئان قورئانی سەردەمی دەسەلاتە. لێرەوە بەدواوە قورئان فەرمان دەدا کە بیاگرن بیان کوژن. چونکە قورئانی خوا وا فەرمانیداوە )خواش یارمەتی داین بەسەریاندا سەرکەوتین. جەنگاوەرکانیانمان کوشت، سەرووەت و سامانیانمان برد بەتاڵان، ژنومداڵەکانیانیشمان کردە کەنیزە. ئەمەکورتەیەکە لەو وەرگێڕانەی فەرهاد مەلا ڕەسوڵ* کە لە دەقەکانی جەریر بن تەبەریەوە وەریگێڕاوە.

بۆیە هەرچی جەریر بن تەبەری نوسیویە دەربارەی کوشتن وتاڵانی و بردنی ژن ومنداڵ و بە کەنیزەکردنیان ، کەمی هەیە زیادی نیە. چونکە دەقی ئایەی قورئانی ڕەواجیداوە بە تاڵانی و ئەڵێ بیخۆ نوشی گیانت بێ تاڵانیەکان،لای عەرەبەکان کەلوپەلو مرۆڤ وەک یەک واتایان هەبوەو تەماشا کروە،(**فَكُلُواْ مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلاَلاً طَيِّبًا وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ**،ئەنفال **69**. هەورەوەها ئەنفالی **65** ئەڵێ پێغەمبەر باوەڕداران هەڵبنێ بۆ کوشتن.

**يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُواْ مِئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّئَةٌ يَغْلِبُواْ أَلْفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَفْقَهُونَ.**
ئەگەر ئەو پارچە شیعرەی کە لە ئەشکەوتی جێشانە دۆزراوەتەوە بەرامبەر بکەین لەگەڵ دەقی قورئاندا، هەروەها نووسینەکانی جەریر بن تەبەر، ئەو کات دەزانین کە جەریر بن تەبەری بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە مێژووی هەڵسوکەوتی عەرەبەکانی نوسیوەتەوە.

پارچە شیعرەکەش بە زاراوەی هەورامی نووسراوە بە سۆرانیەکەی ئەڵێ:
مزگەوتەکانیان رووخاند و ئاگرەکانیان کوژاندەوە
پیاوە گەورەکان خۆیان شاردەوە
عارەبە زۆرداره کاولیان کرد
لە بناری پاڵەوە هەتا شارەزوور
ژن و کچەکانیان بە دیلی برد

زۆر بەکورتی ئەمەوێ بڵێم کە سەدام حسێن یەکێکە لە باشترینی جێگرەکانی خودی حەمەی ئامە قورەیشی. ئەنفال بەپێی بەڵگەکانی جەریر بن تەبەری مێژوو نووس، دەقی ئایەکانی ئەنفالی **69،56** هەروەها مانگای **217**،ئەو پارچە شیعرەی کەلە ئەشکەوتی جێشانە دۆزراوەتەوە بۆ دەسلمێنن کە ئەنفالی سەدام حسێن یەکەم ئەنفال نیە. بەڵکوو یەکەم ئەنفال سەدەستی ئەبووبەکری کوڕی سدیق دەستی پێکرد، وە لەسەردەمی فەرمان ڕەوایی عومەری کوڕی خەتاب درێژەی پێدرا. سەدامی کوڕی حسێنیش بەداوا قۆناغی گەیاند. ئومێدە کە شیعەکان دەرس وەرگرن ودرێژەی پێنەدەن.

چونکە ئەوەی سەدام حسێن کردی هیچ کەمتر نیە لەوەی کە عومەری کوڕی خەتاب دژی گەلانی ناوچەکە ئەنجامیدا لە کوشتن تاڵانی و پالامارداني کیژو مندال، ئاخر خومەینی کە یەکێکە لە هەرەڕابەرە دیارەکانی ئیسلامی ئەمڕۆمان فەرمانیدا کە سێکس لەگەڵ منداڵی شیرەخۆرەشدا حەڵاڵە.

بەچاوی خۆت ببینە،ڕەنگە چاوم باش نەبینێ!




**http://www.ansar.org/arabic/radee3ah.htm**

دەتوانی دەقی نووسینەکانی خومەنی لە ماڵپەڕی سەرەوەدا بخوێنیتەوە بە عەرەبی.

مرۆڤێک لە ترۆپکی دەسەڵاتی دەوڵەتدا سێکسی منداڵی شیرەخۆرە یاسایی بکا، بۆچی ئیتر لامان سەیر بێ کە ئەوانی پێشتر وەحشیتر نەبوون؟ هەموو فاکترە مێژوییەکان بۆیان سەلماندوین کە مرۆڤ هەتا بێ بەرەو شارستانیەتیتر دەڕوا. بیری مرۆڤانەشی تا دێ مرۆڤانەتر دەبێ نەک بەرەو گیانلەبەری دڕندەتر بڕوا،مەبەست لە مرۆڤایەتیە بەگشتی.

وەک هەموومان دەزانین ئێستا تەنها لە ئەفریکا کانیباڵ ماوە، بەڵام کۆنتر لە زۆربەی جێگە جیاجیاکانی جیهاندا مرۆڤخۆر هەبوون.

ڕۆژێکی ڕۆژانی هەفتەی دەیەمی ئەمساڵ**2005** نوێنەری زانایانی سنیەکانی ووتی: ئەگەر بمانەوێ کوشتوو کوشتاری ئەمرۆی عێراق ڕادەگرین! ئەمە وادەگەیەنێ کە کوشتنی شیعە جیهادە لە ڕێگەی خوادا، شیعەی کافرە.

خومەینیش لە زۆربەی قسەکانیدا ئەیووت: ئەمەریکای کافر و سنە!

مەگەر هەر خومەینی نەبوو کە فتوای کوشتنی هەموو کوردیدا. ئیتر نازانم چاوەڕێی چیدەکەن، نازانم چۆن ئەوێرن کە ئەڵێن عومەری کوڕی خەتاب و سەدامی کوڕی حسێن پەروەردەی یەک باوەڕ یەک ڕێباز نین کە هەردوکیان عروبەو ئیسلامە.

کەم نین ئەوانەی دەیانەوێ کە بەناڕەوا سیمایەکی مرۆڤانە بدەنە پاڵ ئیسلام، هەرچەند خودی ئیسلام و مێژوەکەشی دژی جوانکردنی سیمای خۆیان.

چونک دەستکاری کردنی مێژووی ئیسلامی عەرەبی تاوانێکە دژی بە خودی مێژوو نووسە ئیسلامیەکان. سەرقافڵەی هەمووشیان جەریر بن ئەلتەبەریە کە باوەڕپێکراوترینیانە. ئەوانەی دەیانەوێ کە مێژووی خوێناوی ئیسلام بگۆڕن لە

بازرگانێکی خوێن زیاتر شتێکیکەنین، ئاخر مەلا بەشیر لە خوتبەی هەینی شاری هەولێردا ئەڵێ:وەزارەتی ئەوقافی تورکی دەعوەتی کردوە!
بۆ وەزارەتی ئەوقافی تورکی مەلا دەعوەت بکا؟

بۆ مەلا کەمە لە کوردوستاندا؟
مەلا بەشیر تورکمانە مەگەر تورکمانەکانیش ئیسلام نین، ئەی بۆ بەتورکی خوتبە بۆ تورکمانەکان نادا؟ ئومێدەکە چاودێرانی سیاسی زۆرنا کەمێک گوێ هەڵخەن تا گوێ بگرن مەلا بەشیر چ ژەهرێکی کوشندە دادەڕێژێ.
تەنها بۆ بیرهێنانەوە، عەبدولقادر بریفکانی بە ناوی کوردەوە، سکاڵا دەبا بۆ وەزیرانی دەرەوەی عەرەب، کە سەدام کیماوی بارانی کوردوستانی کردوە. وەزیرانی دەروەی عەرەب ئەڵێن: ئەی ناتانەوێ گوڵبارانتان بکەن،گفتوگۆی تەلەفزیۆنی ئەلجزیرە!
سەبیحەی کچی بەناو کراوی کەمال ئەتاتورکی گۆڕبەگۆڕ لەسەرەمەرگیشیدا ، ڕاینەگەیاند کە پەشمان نیە لە کۆمەڵکوژیەکەی دەرسیم،پاش **50** ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو کارەساتە نامرۆییەدا. سەبیحە لەسەرەمەرگدا ووتی:کەکۆمەڵکوژی کوردەکانی دەرسیم کارێکی ڕەوا بوو.

امە فی شقاق /جونسانە ڕاندال/لاپەڕە**343**.
ئەو دوو نەتەوە عەرەب و تورک هەردوک بەدوون، هەردووک ئیسلامن.
بەڵام**25** فرۆکەوانی جولەکە ڕازی نەبوون بە بۆمبارانی عەرەبەکانی فەلەستین،هەرچەند عەرەبەکان بە بۆمب ژن و منداڵ و پەکەتەش دەکوژن.
هەواڵەکانی ئەی ئێن ئێن تێکست**25**سێپتەمبەر**2003**.

جار جار پرسیار دوروژێ و وەڵامەکان زەنگیانەی بنی دەریان،دۆزینەوەی وەڵام ئاستەم دەبێ!
لەخشتەبردنی تاکە کەس هەروەها کۆمەڵو تەنانەت دەوڵەتیش کارێکی ئەستەم نیە جا چ مەلا بەشیر بیکا یا ساور ناوێکی هیندی!

ساوەر ناوێکی هیندی توانی دەوڵەتەکەی خۆی،هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە خشتەبەری کە گوایە بەیەکەم دەرچوە لە تاقیکردنەوەکانی زانستی ئاسمانی ناسادا. بەوکارەشی فەرمانی ڕەوایی هیندستان**11500**دۆلاریان دایە وەک خەڵات. لەچاوەڕوانی ئەوەشدا بوو کە سەرۆکی فەرمانڕەوایی لەوبارەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکەن.
جا نازنم کەی دێوجامەی مەلا بەشیریەکان ئاشکرا دەبن بۆ خەڵکی ڕەشوڕوشووت؟

**http://www.aljazeera.net/NR/exeres/391A830A-B6A2-4ABA-962C-27EE74903F57.htm**

و. فەرهاد مەلا رەسوڵ

**پێشەکی:**

مێژووی تەبەری یەکێك لەو مێژووانەیە کە زۆر بەوردی رووداوەکانی تۆمارکردووە. ئاوێنەیەکی راستەقینەی زەمانی خۆیەتی. هەرکەسێك بیەوێ شتێك لەسەر عەرەب و ئیسلام بزانێ دەبێ مێژووی تەبەری بخوێنێتەوە. هیچ لێکۆڵینەوەیەك ناتوانێ دەستبەرداری تەبەری بێ و پەنای بۆ نەبات.

ئەوەی لەم دەستەڵاتدا هەیە، هەوڵ دەدەین ئەو لاپەڕانەی کە پەیوەندیان بەکوردەوە هەیە و بەشێکە لەمێژووی گەلەکەمان، بەپێی بوار و توانا وەریبگێڕینە سەرزمانی کوردی. بەو هیوایەی چەند کەسانێکی شارەزا لەبواری عەرەبی و تایبەتی ئیسلامدا قۆڵی مەردانەی لێهەڵماڵن. ئەم مێژووە گرنگەی تەبەری وەرگێڕنە سەر زمانی کوردی. تا ئەو بوارە بۆ گەلەکەمان بڕەخسێ چاکتر و وردتر لەمێژووی عەرەب و ئیسلام بکات. بەئومێدی ئەو رۆژە.

وەرگێڕ

32

## هەواڵی سەلەی قەیسی ئەشجەعی و کوردەکان

عەبدوڵای کوسەیری عەبدی، گوتی: جەعفەری کوڕی عەون لەزمانی ئەبو جەنابەوە بۆی گێڕاییەوە و گوتی: ئەبو محجەبی رەدینی لەزمانی موخەلەد ئەلیەکری و عەقلەمەی کوڕی مرثد، کە ئەوانیش لەزمانی سلێمانی کوڕی بورەیرەوە دەگێڕنەوە کە:

هەر کاتێك میری موسڵمانان سوپایەکی کۆدەکردەوە، پیاوێکی زانای دەکردە سەرکردەیان. ئەو سوپایەی کۆدەکردەوە و سەلەی قەیسی ئەشجەعی کردە سوپاسالاریان و گوتی:

ناوی خودای لێبێنە، بکەوەنەڕێ و لەپێناوی خودادا شەڕی کافران بکەن.

کە تووشی دوژمنە بێ بڕواکانتان دێن سێ رێگەیان بخەنە بەردەم:

*داوای موسڵمانبوونیان لێبکەن، گەر بوون بەموسڵمان و لەشوێنەکانی خۆیاندا مانەوە ئەوا دەبێ زەکات بدەن، لەدەستکەوتی موسڵمانانیش هیچیان بەرناکەوێ. بەڵام گەر لەتەکتاندا هاتن، ئەوا چیتان دەسکەوت، هەمان شتیش بەرئەوان ئەکەوێ و چیتان لەسەرە، لەسەر ئەوانیشە، گەر موسڵمان نەبوون دەبێ سەرانەبدەن (خەراج)، گەر بەسەرانەدان رازیبوون، شەڕی دوژمنەکانیان بکەن و سەرانەکانیان لێوەرمەگرن و لەتوانای خۆیان زیاتریان مەخەنەسەر.

گەر سەرپێچیان کرد، شەڕیان بکەن و خودا بەسەرئەواندا زاڵتان دەکات.

گەر خۆشیان لەقەڵاکاندا قایم کرد و داوایان لێکردن کە بەپێی فەرمانی خودا و پێغەمبەریان لەگەڵدا بکەن، بەحوکمی خودایان لەگەڵدا بکەن، چونکە ئێوە نازانن حوکمی خودا و پێغەمبەر لەگەڵیاندا چۆنە. گەر داوایان کرد بەرپەنای خودا و پێغەمبەریان خەن، پەنای خودا و پێغەمبەریان مەدەنێ، هەر پەناو زەمەتی خۆیانیان پێرەوا ببینن. گەر شەڕیشیان کرد، غەدریان لێمەکەن، منالیان مەکوژن.

سەلە گوتی: پاشان کەوتینەرێ تا بەرەنگاری دوژمنە بێئیمانەکانمان بووینەوە {ابن حبیش، دەڵێ: کوردەکان} . ئێمەش لەسەر داوای میری موسڵمانان داوای موسڵمان بوونمان لێکردن، بەڵام ملیان نەدا، داوای سەرانەمان لێکردن، ئەوەشیان پەسەند نەکرد، بۆیە شەڕمان لەگەڵدا کردن و خوداش بەسەریاندا زاڵی کردین. شەڕی جەنگاوەرەکانیانمان کرد و ژنەکانیانمان بەکەنیزەك گرت و سامانیانمان بەتاڵان برد.

سەلەی کوڕی قیس پارچە خشڵێکی دیت و گوتی

*